# ڕوونكردنەوەیەك لە ڕاگەیاندنی ئازادی ( حزبی شیوعی كوردستان ) ەوە دەربارەی ڕوونكردنەوەكەی نوسینگەی سەرۆك كۆمار

**پێمان سەیر بوو كاتێك ڕوونكردنەوەیەكی نوسینگەی سەرۆك كۆمارمان بینی دەربارەی هەندێ لێدوان كە گوایە ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی كوردستان دەربارەی تاكرەوێتی سەرۆك تاڵەبانی و سەرۆك بارزانی وتویەتی و ڕۆژنامەی (( الحیاه )) بلاوی كردۆتەوە .**

**سەرەتا دەبێت ئەوە ئاشكرا بكرێت كە هیچ ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی كوردستان هیچ جۆرە چاوپێكەوتن و لێدوانێكی لەو جۆرەی بۆ ڕۆژنامەی (( الحیاه )) نەداوە و ئەو لێدوانەش كە بە ناوی ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی كوردستانەوە بلاوكراوەتەوە بە هیچ جۆرێك ڕاست نیە و شێوێنراوە .**

**حزبی شیوعی كوردستان سیاسەتی ڕوون و ئاشكرای هەیە و هەڵوێستی بەرامبەر هەردوو سەرۆك تاڵەبانی و بارزانی ، لە زیاتر لە بۆنەوەیەكدا ڕاگەیاندووە و دواهەمینیشیان دەنگدانی بووە بۆ كاندید كردنەوەی بەڕێز مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆكی كۆمار لە لیستی هاوپەیمانی و دەنگدان و پشتیوانیكردنی لە بەڕێز بارزانی لە پۆستی سەرۆكی هەرێمدا ، هەروەها لەگەڵ دروستبوونی هەر گرفت و ئیشكالێكدا لە ڕێگەی كۆبونەوەی دوو قۆڵی و گفتوگۆوە پەنای بۆ چارەسەركردنیان براوە و پەنا بۆ هیچ جۆرە ڕێگەیەكی تر نەبراوە .**

**دەبوو نوسینگەی سەرۆك كۆمار پەلەی نەكردبا لە وەلامدانەوەیەكی لەمجۆرە و پێش ئەوەی باوەڕ بە بلاوكردنەوەیەكی هەڵبەستراوی وەك ئەوەی (( الحیاه )) بكات ، بگەڕایەتەوە بۆ دوا ژمارەی هەفتە نامەی ڕێگای كوردستان كە ئەو زمانحاڵی حزبی شیوعی كوردستانە دەربارەی هەڵوێستی حزبی شیوعی كوردستان لە بەرامبەر ئەو دوو سەرۆكە بەڕێزە ، بۆیە نەدەبوو نوسینگەی سەرەك كۆمار هەروا هەواڵێكی (( الحیاه )) بخاتە بەرامبەر مەبدەئو هەڵوێستە ئاشكراو ڕوون و دیارەكانی حزبی شیوعی كوردستان بۆیە دووپاتی دەكەینەوە كە بە هیچ جۆرێك ئەوەی لە ڕۆژنامەی (( الحیاه )) بلاوكراوەتەوە لێدوانی هیچ ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی حزبی سیوعی كوردستان نیە و ڕۆژنامەكە خۆی ئەمانەتی گواستنەوەی لێدوانی لە دەست داوە و بە ڕوونكردنەوەیەكی ڕەسمیش نوسینگەی (( الحیاه )) ئاگادار كراوەتەوە .**

**لە ئایندەیەكی زۆر نزیكیشدا ڕوونكردنەوەی ڕەسمی حزبی شیوعی كوردستان لەمبارەیەوە بلاو دەكرێتەوە .**

**ڕاگەیاندنی ئازادی**

**حزبی شیوعی كوردستان**

**سلێمانی**

2006/2/10